نووسین: موحەممەد موڕادی (باقلاوایی)

**خۆیدووده یان ژن و مێردایەتی مەحرەم:**

بابەتێکە لە ئێرانی پێش ئیسلامدا هەبووە و بۆتە ڕوومەتێکی نەشیاوی ئۆلی زەڕدەشتی، ئەم باسەیە کە بەردەوام کەسانی دەر لە بازنەی زەڕدە شتایەتی وەک تە شەر و توانج بەکاری دەهێنن و کردوویانە بە مە ستەکۆڵەیەک بۆ دەمکوتی زەڕدە شتییەکان . با سی زەواجی مەحارم یان بنەماڵەیی هێندە کێ شە ساز بووە کە لە درێژخایەندا ئەیتوانی تان وپۆی کۆمەڵگا لەیەک بدات و هەڵیوەشێنێتەوە؛ ئەڵبەت بە بیانوو و پاساوی هەندێ شتی لاوەکی ئەم نەریتە قرێژ و قیزەونە بەرەبەرە بووە بەشێک لە ژیانی خەڵکی و تەنانەت بە جۆرێک خوویان پێوە گرت کە بۆ پاڵپشتی کردنیشی یاسایەکیان لە دین داتا شی بۆی و کردیانە لەنگەرێ کە کاتی تەنگانە شان لە سەری دابێڵێت. وە ئەم کردەوەیان وەها بە خەڵکی سەلماند کە ئەم کارە گوناهەکان لائەبات و تەنانەت ژیان بە فەڕی ئیزەدی ڕووناک دەکاتەوە و کام تاوان هەیە لە خۆی خراپتر نییە ئەم کارە ئەنجام بدەیت خودا لەو گوناهەت خۆش دەبێت.

پاراستنی خوێنی بنەماڵە و ڕەسەنایەتی هۆکاری سەرەکی ئەم کارە بووە کە بە لاسایی کردنەوە لە نەریتی بابلی هاتە نێو زەڕدەشتی و دواتر بوو بە بناغەی شۆڕشی مەزدەکی، چونکە بە داگیرکردنی بابل و تێکەڵ بوونی هزری بابلی و ئێرانی هەندێ کاریگەری دروست بوو کە بە داخەوە جگە لە باری سەربازی لە هەموو بوارێکەوە ئێران و زەڕدەشتیگەری زۆرتر کەوتە ژێر باندۆری بابلییەکان و ڕامانی بەهێزیان.

لە بڕاردەکانی زاد سپێرمدا (پاژی ٢٦برگەی٣) با سی "خۆیدووده یان خۆیزووگدێس" کراوە و هاتووە کە دەڵێت: بۆ بەردەوامی تۆ و تۆرەمەی پاک خۆیدووده بکەن کە با شترین هۆکارە بۆ منداڵ بوونی چاک و بە ئەخلاق و ئاکار. خۆیدووده تێکەڵێکە لە دوو و شەی خۆ + دوودە؛ واتە مانەوە لە نێو دوودمان و بنەماڵەی خۆدا و ئەم کارەش زۆربەی پاشاکانی هەخامنشی ئەنجامیان داوە و بە کارێکی شیاویان داناوە کە تەنانەت لە ڕوانگەی ئایینیشەوە وایان دانابوو کە گوناهە گەورەکان لائەبات. کوورش دوو کچی خۆی لە کەمبووجیەی کوڕی مارە دەکات و ئەردە شیری دووهەمیش پەریساتیسی خوشکی دەخوازێت؛ ئەڵبەت ئەم خوشک و برا هاوژینە دایکیان بابلی بووە و خۆشیان هەر لە وڵاتی بابل گەورە ببوون، دارای سێهەمیش هەر لە سەر ئەم ڕێبازە ئێستاتێرای کچی مارە دەکات، ئەڵبەت نەژاد و ڕەگەز گرنگترین شت بوو بۆ بەدەست هێنانی تەختی پاشایەتی و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک، چونکە خەڵکی پاشایان بە خاوەنی فەڕی ئیزەدی و تەنانەت لە زۆر وڵاتیش وەک کوڕی خودا ناوزەدیان دەکرد هەر بۆیە بوون بە پا شا سێ مانای هەبوو لە ئێراندا: ١- واتە خاوەنی ڕەسەنایەتی و نەجابەتە ٢- ئێرانی راستەقینەیە، چونکە خودی "ئێرer" لە وشەی ئێراندا مانای ڕە سەن بوون و ئازادە بوون ئەدات ٣- ئەوە دەگەیەنێت کە پا شا لەش و لارێکی ساغ و سەلامەتی هەیە وەک چۆن نوو سەری "مجمل التواریخ" دەڵێت: ڕە سمی عەجەم واتە ئێرانییەکان ئەوە بوو کە کە سێکی نوق سان و کەمئەندامیان بە سەرۆک هەڵنەدەبژارد، چونکە تەندرو ستیان بە خێرێکی ئەهووراییی دەزانی کەوا یەزدان بە تاکی بەخ شیوە، هەر بۆیە کە سێک نەخۆش و بێتوانایان بە دوور لە ڕەحمەتی یەزدانی زانیوە؛ ئیدی پا شاکان بەم بیانووە بێ بنەماگەلە بۆ پێز و پەتی کردنی خوێنی بنەماڵەی پا شایەتی ئەو نەریتە نە شیاوەیان داڕ شت کە بە ڕا ستی ئەوپەڕی بێڕەو شتی بووە.* بە

گوێرەی بابەتێک لە پەرتووکی مێژووی یەعقووبی کە لە کتێبی "خێرەدی مەزداییی شدا" هاتووە؛ ئێرانییەکان دایک و خوشک و کچانی خۆیان مارە دەکرد وە ئەم کارەشیان بە هۆکاری پێوەندی و نزدیک بوونەوە بە خودا دەزانی.*
ئەم نەریتە نا شیرینە بە جۆرێک خۆڵ کردنە چاوی خەڵک بوو لە لایەن دە سەڵاتدارەکانەوە بۆ ئەوەی باوڕیان پێ بێنن کە دەبێت لە چوارچێوەی بنە ماڵەی خۆیاندا بمێننەوە و بیر لە تێکەڵی کۆمەڵایەتی نەکەن، وە ئەمەش دەبووە هۆکاری پتەو بوونی چینایەتی و تاقمی بە دە سەڵاتیش بەم کارە خۆیان لە خزمایەتی لەگەڵ چینی خوار دەپارا ست و ئیدی با شتریش دەیانتوانی بێ گوێدان بە مەسەلەی خوێن و خزم بوون خەڵکی سەرکوت بکەن و بیانچەوسێننەوە؛ ئەڵبەت جگە لە لایەنی پاوەنخوازی و قۆرەخکردنی دە سەڵات ئەم کارە هۆکاری بەرەڵایی و چاوچنۆکیش بووە. لە ڕا ستیدا پلە و پایەی ژنیشی دەخستە ژێر حەزی پیاو و سووکی دەکرد کە لە سەردەمی ساسانییەکان بە تایبەت شۆڕشی مەزدەک بە ڕوومەتێکی دیکە خۆی نواند، وە ئەگەرچی ئاریشەی ئابووری بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕ شەکەی مەزدەک، بەڵام زۆرترین بایەخی بە ئەم بابەتە داوە و سەبارەت بە ژنان دەڵێت ژن وەک سروشت وایە؛ چلۆن هەرکەس ئازادە لەم سروشتە بە حەزی خۆی کەڵک وەربگرێت پیاویش بۆی هەیە وەها لە ژن بڕوانێت و حەز و ئاواتی خۆی لە سەر هەر ئافرەتێ کە دڵی بۆی لێدەدات دامرێنێ؛ وە ئەم بانگەوازەش بۆ هەموانە، واتە دەوڵەمەند و هەژار. هەر بۆیە تاقمی دە سەڵات هەستیان بەو مەترسیە کرد کە ئاوا ویستێک بە خێرایی خەڵک بە دووی ئەکەوێت و ئیدی ماڵ و نامووسی ئەمانیش لە پارێزدا نابێت؛ هەربۆیە مەزدکیان کە گەورە بووی هزر و ڕامانی پیسی خۆیان بوو بەوپەڕی هۆڤیەتییەوە بێبەزەییانە تێکڕای هەموو هەڤاڵانی یەک بە یەک سەلاخی کرد و تەنانەت ڕێبازەکە شیان قەدەغە کرد و بە تەواوەتی تەفر و توونیان کردن.

---

*ئێران لە سەردەمی ساسانییەکان ـ کریستن سێن ۲۳۲/۲۳۳
*ژن لە مافی ساسانییەکاندا ـ بارتلۆمە ۱۳
*ئێلیزە لانگێلوا؛ بەرگی یەکەم ۸۳
*مافەکانی ساسانی ۳۱
*زەروان و زەردەشت؛ محەممەد موورادی باقلاوایی ۷٥/۷٤
*دەقی زادسپێرم ؛ پاژەی ۲٦بڕگەی۳
* مجمل التواریخ و القصص، پێداچوونەوەی ملک‌الشعرای بەهار، لاپەڕەی ٦٥
*مێژووی یەعقووبی، ئەحمەدی کوڕی ئەبی یەعقووب، لاپەڕەی ۲۱٦، بڵاوگەی علمی فەرهەنگی – پەرتووکی خێرەدی مەزدایی، محەممەد ڕەزاییڕاد، لاپەڕەی ۲۹۰
*مێژووی ئایین و ئایینزاکان لە ئێران ؛ عەباس قدیانی..